وێنەیەکی تەرجەمەکراوی
دەقە عەرەبییەکە

**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی - عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان :18**
**ڕۆژی دەرهێنان: 2003/5/12**

پشت بە حوکمەکانی بڕگە (1)ی ماددەی (56) وماددەی(53) لە یاسای ژمارە (1)ی هەموارکراوی ساڵی (1992) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانی وئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق، لە دانیشتنی ژمارە(24)ی ڕۆژی (2003/5/12)یدا ئەنجامی داوەو، بە پێی ئەو دەسەڵاتەش کە بڕگە(3)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە(10) ی ساڵی 1997 پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە(18)ی ساڵی/2003
## یاسای دیاریکردنی چارەنووسی یاسایی بەرپرس و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو

**ماددەی یەکەم:**

چارەنووسی یاسایی بەرپرس و دەست و پێوەندەکانی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو کە لە هەرێمی کوردستانی عێراقدان، ئەوانەیان کە بە پیر لێبوردنە گشتییەکەی دوای ڕاپەڕینە شکۆدارەکەی ساڵی(1991) ـەوە نەهاتن، بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێت:

یەکەم: بۆ ماوەی(15)پازدە ساڵ لەمانەی خوارەوە بێبەش دەبن:

1-دەنگدان و خۆپاڵاوتن لە هەڵبژاردنە گشتییەکان و هەڵبژاردنەکانی ئەنجومەنگەلی مەحەللی و شارەوانی وکۆمەڵەو سەندیکاکان و ئەندامێتیی ئەنجومەنگەلی ئیدارەی موئەسەسات و شیرکەتە گشتی و تێکەڵەکان.
2-لە ئەستۆگرتنی وەزیفەگەلی ئیداری وسیاسی.
3-چەك هەڵگرتن یان بە خاوەنبوونی چەك.
4-هەڵگرتنی ویسامگەل و نیشان و مەدالیاو سوودمەندبوونیش لە ماف و ئیمتیازەکانیان.
5-مافی داخڵبوونی حزبگەلی سیاسی و ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ و نواندنی هەر بزاڤێکی سیاسی.
6-موڵکداربوونی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، بە نموونە، وەك (ڕادیۆ، تەلەفیزیۆن، ڕۆژنامە، گۆڤارو ئامرازەکانی کارکردن لە ڕای گشتی )یان ئیش کردن لەم بوارانەدا، سا، بەهەر سیفەتێك، دەبێ، ببێ.
7-هاوپشك بوون بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لە هەر ئیلتیزامێ لەگەڵ دایەرەگەلی حکومەت و دەزگاو شیرکەتە گشتی و شیرکەتە تێکەڵەکاندا.
8-کارکردن لە ناوەندی زانکۆییدا، بەهەر سیفەتێ، دەبێ، ببێ.

**ماددەی دووەم:**

بۆ مەبەستی بەرکارخستنی حوکمەکانی ئەم یاسایە، ئەمانەی خوارەوە بە دەست و پێوەندی ڕژێمی دیکتاتۆری پێشوو لە قەڵەم دەدرێن:

یەکەم: لە بواری حکومیدا، هەرکەسێ:

1- پلەوپایەیەکی لە ئەنجومەنی سەرکردایەتیی شۆڕش و دایەرەگەل و نووسینگەکانیدا بووبێ.
2- پلەوپایەی وەزیر یان دەرەجەی وەزیری بووبێ.

3-دەرەجەی تایبەتی لە وەزیفەیەکی سیاسیدا بووبێ، یان لەبەر ئیعتیباراتی سیاسی یان ئەمنی ئەو دەرەجەیەی پێ بەخشرابێ.

4-لە دامودەزگای ئەمنیی سەرکوتکاری وەك( موخابەرات، ئەمنی تایبەت، هەوالگریی سەربازی، ئەمنی گشتی، یان مەفرەزە تایبەتەکانی ئەو دەزگایانەدا، یان موستەشاری فەوجەکانی دیفاعی وەتەنیدا ئیشی کردبێ.

5-وەك ئوستادێکی زانکۆ یان موعید یان وانەبێژێك ئیشی کردبێ و پەیوەندیی بە یەکێ لە دەزگا ئەمنییەکانەوە بووبێ.

دووەم: لە بواری حزبگەلی سەربە دەسەڵاتدا:

1- پلەوپایەی ئەندامێتیی قیادەی قوتری بووبێ، یان لە یەکێ لە نووسینگەکانیدا ئیشی کردبێ.

2- پلەی ئەندامێتیی لە قیادەی فەرع یان شوعبە یان فیرقەدا بووبێ.

3-هەر ئەندامێکی حزب یان هەر کەسێکی سەربە حزبەکە، ساغ کرابێتەوە لەسەری کە هاووڵاتیانی چەوساندبێتەوە یان تۆقاندبێ یان خەبەری لێیان دابێ و، بووبێ بە مایەی گرتنیان یان ئەشکەنجەدانیان یان کوشتنی هەر کەسێکیان.

4-بووبێ بە فیدائییانی صدام.

5-وەك کادیرێکی قیادی لە حزبە کارتۆنیەکانی گوێ لە مستی حزبی دەسەڵات (حزبی بەعسی عەرەبیی ئیشتیراکیی هەڵوەشاوە)دا ئیشی کردبێ.

6-ساغ کرابێتەوە لەسەری کە ئیدارەی یان ئینتیمای حزبی دەسەڵاتی کردبێ لە هەرێمی کوردستاندا، یان لە دوای راپەرینە شکۆدارەکەی ئاداری (1991)یش لە چالاکیدا بەردەوام بووبێ.

7-ساغ کرابێتەوە لەسەری کە لە فیرقەکانی ئیعدامدا ئەندام بووبێ یان بەشداربووبێ.

8-ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانیی عیراقی یان ئەندامی ئەنجومەنی تەشریعی یان تەنفیزی کوردستانی عیراق بووبێ.

9-لە سلکی دیبلۆماسیی عیراقیدا ئیشی کردبێ.

**ماددەی سێیەم:**

هەرکەسێ ئەم یاسایە بیگرێتەوەو بەرەفتار بووبێ بە مایەی گیان لەدەستدانی یان زیندانکردنی یان ئەشکەنجەدانی مرۆڤێك، ئەوە ناشێ نە بە یاساکاری و نە بە بڕیارێکی پاشکۆ مافی گشتی و مافی کەسەکیی بە سەرەوە بچێ و لێیان بەبێ ئارەق دەرچێ.

**ماددەی چوارەم:**

هەر کەسێ لە حوکمەکانی ئەم یاسایە لابدا سزای حەپسی بەسەردا دەدرێ لە (3)سێ ساڵ کەمتر نەبێ.

**ماددەی پێنجەم:**

هەر دەقێ پێچەوانەی حوکمەکانی ئەم یاسایە بێت ناخرێتە بەرکار.

**ماددەی شەشەم:**

پێویستە لەسەر وەزارەتەکان ولایەنە پێوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە بخەنە بەرکار.

**ماددەی حەوتەم:**

ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان) دا دەخرێتە بەرکار.

**د.رۆژ نوری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی**
**کوردستانی ـ عێراق**